# نامەی دایکێك بۆ ڕۆڵەکەی

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ...

وە پاشان :

یەکەم : جێگاو شوێنی خۆت لە کاروانی ژیان و لە نێو هاوڕێ و برا و دۆستانت بزانە ، ئەوەشت لەیاد بێت بوون و سەرکەوتنت پەیوەستە بە بوونی ئەوانەوە ، و ڕاستگۆییت لەگەڵ هاوڕێ و دۆستانت لە زۆرێك لە ڕێگرەکانی خۆشبەختی دەربازت ئەکات ، و ئەتخاتە سەر ڕێگای خۆشبەختی وە بۆ ئەم کارەش هەوڵ بدە هاوڕێی باش و سود بەخش و دین دار هەڵبژێرە ، چونکە پێغەمەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " المرء على دين خليله " ( حسنه العلامة الألباني و في مشكاة المصابيح ، برقم : ٥٠١٩ ) .

دووەم : کەمتەرخەمی مەکە لە ئەنجامدانی نوێژەکانت و لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدە ، واتە هەرکە گوێت لەبانگ بوو هەستە بۆ نوێژەکانت و دوایان مەخە ، چونکە بەم کارەت دەچیتە دۆزەخ هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ ( الماعون : ٤ ــ ٥ ) ، واتە : پاشان سزای سەخت لە دۆزەخدا بۆ نوێژگەران هەیە ، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیان غافڵ و بێئاگان ، واتە : بەدڵ ئەنجامی نادەن و هەر لەکۆڵی ئەکەنەوە ، وە هەرگیز کار و کاسبی و بەرژەوەندی دونیا وات لێنەکات کەمتەرخەمی بکەی لەنوێژەکانت ، بۆیە خۆت ئامادە بکە بۆ ڕۆژێك ( ﴿ مَالٌ



وَلَا بَنُونَ ﴾ : نە سەرمایە و نەش نەوە ) سودیان نیە . بۆ ئەم کارەش باشترین کردەوە ئەوەیە دڵت پەیوەست بکەی بە مزگەوتەوە ، بۆ ئەوەی لە قیامەتدا لەو کۆمەڵە بیت کە لە سێبەری عەرشی پەروەردگاریان دەبن لە ڕۆژێکدا سێبە نیە جگە لەسێبەری عەرشی ئەو نەبێت ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی و پێی ڕاگەیاندووین لە فەرمووده ( صحيح ) ەکانیدا .

سێیەم : بڕوادار بەهارێکی هەمیشەیی و داوانەهات و هەمیشەییە ، هەروەکو بارانی ڕەحمەت وایە لەهەر شوێنێك داباریێت سودبەخش دەبێت . هەوڵ بدە هەمیشە کەسێکی سود بەخش بیت بۆ کەس و کار و برا و دۆستانت ، وە ئەگەر ڕوت لەهەر شوێنێك کرد درێغی مەکە لە درێژکردنی دەستی یارمەتی و ئەنجامدانی کردەوەی چاك و سود بەخش تەنانەت ئەگەر بە ووشەیەکی جوانیش بێت ، یان بەبزە پێکەنینێکیش بێت کە دڵی برا موسڵمانەکەت خۆش دەکات ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی ( ئەو کارە صەدقەیە ) ( الصحيحة ، برقم : ٥٧٢ ) .

چوارەم : هەوڵ بدە نرخی کات بزانیت و بەباشی بەکاری بهێنە ، ئەوەش بزانە کات دراوێکی زۆر بەنرخە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر لەم ڕاستیە بێئاگان ، بێئاگاش نەبن خۆیانی لێ گێل ئەکەن ، وەك وتراویشە : (( کات وەکو شمشێر وایە ئەگەر نەیبڕیت دەتبڕێت )) ، کاتیش دیاریەکی بەنرخی پەروەردگارە بۆ بەندەکانی بۆیە تۆش هەوڵ بدە سود لەم دیاریە وەربگریت و کاتەکانت بۆ کردەوەی چاك و نوێژ و قورئان خوێندن و



بانگەشە کردن بۆ ئاینی ئیسلام تەرخان بکە ، و بەشتی لاوەکی و کاری دونیایی کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە .

پێنجەم : ڕۆڵەی ئازیزم بزانە لە ڕۆژگار و زەمانی وەك ئەمڕۆ کە بەسەر خەڵکدا هاتووە ، لەسێ شت بەنرخ تری تێدا بەدی ناکرێت کە ئەوانەش : برا و هاوڕێیەکی جێی متمانە کە خۆشحاڵیت پێببەخشێت ، و درهەمێك بەڕێگایەکی شەرعی پەیدا کرابێت ، واتە : ( بەدەست هێنانی ڕۆزی بەڕێگایەکی شەرعی و دور لەحەرام ) و سوننەتێك کاری پێبکرێ ، ئەوەش لە بەر زۆری برادەری خراپ و کەمبوونی متمانە لە نێو مرۆڤەکان ، و گوێنەدانیان بە ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ ، و دوورکەوتنەوەیان لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیان ﷺ .

بۆیە هەوڵ بدە کەسی دیندار و بەڕەوشت بەرز هەڵبژێرە بۆ هاوڕێیەتی کردن ، و کارێکی حەڵاڵ بکە با خێریشی کەم بێت لەخێری زۆری حەرام باشترە ، پاشان خۆت پەیوەست کە بەئەنجامدانی سوننەتەکان

شەشەم : هەوڵ و کۆششی خۆت بخە گڕ لەپێناو ئەوەی کە بتوانی لەپاش خۆت چاکەیەك یان کردوەیەك بەجێبهێڵیت کە پاداشتەکەی تا ڕۆژی دوایی بەردەوام بێت ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " إلا من ثلاث صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو لـه " ( رواه مسلم ) .

حەوتەم : تێبکۆشە لەپێناو پەروەردەکردنی خودی خۆت لەسەر ئەوەی کە بەردەوام ئامادەبیت بۆ تێکۆشان لەپێناو پەروەردگار ، ئەمەش بەم چوار خاڵە دێتە بەرهەم :

أ . دەبێت یەقینت هەبێ کە تێکۆشان لەپێناو خوای پەروەردگار یەکێکە لەبەرزترین پلەکانی ئەم ئاینە پیرۆزە ، بۆیە هەر لەدێر زەمانەوە هەر میلەتێك دەست بەرداری ئەم پایە بەرزە بوبێت خوای پەروەردگار سەرشۆڕ و لاوازی کردون ، و دوژمنانی بەسەریاندا زاڵ کردوە ، بۆیە دەبێت ئەوە بزانیت کە ترس و دڵە ڕاوکێ شایەنی ئەو کەسە موسڵمانە نیە کە ئاینەکەی پەروەردەی کردوە لەسەر پێشوازی کردن و تەحەمول کردنی گیروگرفت و ناخۆشیەکانی ژیان .

ب . دەبێت ئەوەت لەیاد بێت کە تۆ ئەو کەسەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەصفی کردوە بەوەی کە ڕێبواری ڕێگایەکی ، و زۆر نامێنیتەوە و زۆریش ناخایەنێ تاکو دەگەیتە جێگا و شوێنی ڕاستەقینەی خۆت ، کە ژیانی پاش مردنە ، و لەپاش ئەوەش تامی مردن ناچێژیت ، جا نازانم مرۆڤی ئەم سەردەمە چ دڵخۆشیەکیان بەم دونیایە هەیە کە بەو شێوەیە توند باوەشیان کردوە بەدونیایەك کە ئەگەر نرخی هەبوایە و هەتاهەتایی بوایە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیەوە نەیدەفەرموو : " دونیا بەندیخانەی باوەڕداران و بەهەشتی کافرانە " ( صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٣٣١٢ ) .

ج . دەبێت خۆت لە هەموو تاوانەکان پاك بکەیتەوە ، بەتایبەتی تاوانە گەورەکان ئەگەر هەتبوو ، ئەمەش بە وازهێنانی یەکجاری لەتاوان و پەشیمان بوونەوە لەوەی کردوتە و سور بوون لەسەر ئەوەی نەگەڕێیتەوە سەریان ، بیریشت نەچێت کە سەفەرێکی ئێجگار دور و درێژ و سەختت لەپێشدایە دەبێت بەباشی خۆتی بۆ ئامادە



بکەیت ، و تێشوی باشی بۆ هەڵگری ، چونکە هیچ ڕێبوارێکی ئەم ڕێگا سەختە بەبێ تێشوو ناگاتە ئەو شوێنەی هەوڵی بۆ ئەدات ، بۆیە باشترین تێشوش بۆ ئەم سەفەرەت لە خواترسان و چاکەکردنە ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ ﴾ ( البقرة : ١٩٧ ) ، واتە : وە توێشوو هەڵبگرن وە بشزانن کە باشترین تێشوو لە خواترسانە ، وە لە من بترسن ئەی هۆشمەندان . هەروەها ئەنجام دانی ئەوەی خوا پێی خۆشە لەگەڵ دورکەوتنەوە لەوەی خوا پێی ناخۆشە .

د . ڕازی کردنی پەروەردگار و نزیك بوونەوە لێی بەدڵێکی پاك و خۆشحاڵی یەوە ، ئەمەش بەگوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و زیندوو کردنەوەی ڕێبازی پێغەمبەرەکەی ﷺ و پشت هەڵکردن لە دنیا کە زۆر بێ نرخ سەیری بکەیت ، تەنانەت ئەگەر هەموو خۆشیەکانیشی لەژێر دەستی تۆدا بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بۆ دەستکەوتنی هەر کتێب و نامیلکەیەکی نوێ
پەیوەندی بکە بە ﴿ سایتی بەهەشت ﴾ ە وە
**www.ba8.org**
**07701517378**

ژمارەی سپاردن : ( ٨٧٩ )



زنجیرەی پەروەردەو بانگەواز ٢٧

# نامەی دایکێك بۆ ڕۆڵەکەی



ئامادەکردنی
گەشبین أحمد
پێداچوونەوەی
مامۆستا عدنان بارام

www.ba8.org